# ڕۆژی جیهانی کچان

## هەنگاوێک بۆ سوود وەرگرتن لە هێز و وتوانای کچان و وەبەرهێنان لە کچان

به مەبەستی تیشك خستنەسەر کێشەکانی کچان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو و نەهێشتنی بەربەستەکانی بەردەم پراکتیزەکردنی مافەکانیان و دابینکردنی ژیانێکی باشتر و نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزی، لە ڕێکەوتی ٢٠١١/١٠/١٩ نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمارە ٧٠/٦٦ بڕیاری دا ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی کچ لە جیهان بناسرێت، بۆ یەکەمجاریش نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠١٢/١٠/١١ یادی ڕۆژی جیهانی کچانی کردەوە، تەنانەت ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن بان کیمۆنی سکرتێری گشتی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا بە ساڵی کچان و لەلایەن کۆمەڵێ وڵات واژووی لەسەر کرا و پەسند کرا، گرنگترین هەوڵەکانیش بۆ برەودان بە خوێندنی کچان و وەبەرهێنان لە کچان بوو، لە ساڵوەگەڕی ڕۆژی جیهانیی کچان چۆن دەکرێ کچان لەسەر ئەوە ڕابهێنین کە بڕوای تەواویان بە تواناکانیان هەبێت و هەرگیز چەوساندنەوە و ژێردەستەیی بەمیراتی خۆیان نەزانن؟ چۆن دەکرێ خودی خۆیان ئەو بەربەستانە بشکێنن؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە.

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی



ڕۆژی جیهانیی کچان یاخود منداڵانی کچ کە لە ١١ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٢ لە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری لەسەردرا و تەنها ٧ ساڵە بەفەرمی ئەو ڕۆژە بوونی هەیە و زۆربەی وڵاتان و کۆمەڵگە و تاکەکان هێشتا پێی نازانن.

ئەوە قسەی خانزاد سەعدی شارەزا و چالاکی بواری ئافرەت بوو، هاوکات گوتی: هۆکاری دروستبوونی ئەو ڕۆژەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕەگەزیی و نادادی و نایەکسانیی لەو ڕەفتارانەی کە دایك و باوك و کۆمەڵگە لە نێوان منداڵانی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پەیڕەوی دەکەن، کوردستانیش پشکی گەورەی بەرکەوتووە وەك درێژەپێدەری عەقلییەتی پیاوسالاری و بایەخدان بەکوڕ و فەرامۆشکردنی کچ، هەروەها بێبەشکردنی لە مافەکانی خوێندن وچاودێری تەندروستی. کچ بێبەش نەبووە لەتوندوتیژی خێزانی، کارکردنی بێبەرامبەری ناوماڵ، دەستدرێژی سێکسی ناوماڵ و دەرەوە، بەزۆر بەشوودانی بە منداڵی، بڕیاردانی چارەنووس و سنووردارکردنی هێز و تواناکانی کچان و هتد...

جەختیش لەوە دەکاتەوە کە: دایك کەسی یەکەم و نزیکترینە لە کچ، ئەگەر خوێندەوار و هۆشیار بێت، دەتوانێت پشتگیر و هاوکار و ڕاهێنەری کچەکەی بێت، تا کەسایەتیی دروست دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەسەر ئەو بەربەستانەدا زاڵ بێت کە کۆمەڵگە لە ئەزەلەوە بەسەر مێیەکاندا سەپاندوویەتی. دواتر ڕۆڵی سیستمی پەروەردە و قوتابخانە و مامۆستا دێت کە ئەوانەش تەواوکاری ئەو پرۆسەیەن و کەسایەتی کچ کامڵتر و بەهێزتر دەکەن. دامودەزگا فەرمییەکان وەك هەبوونی یاسایەك کەماف و بەرژەوەندی کچان زامن بکات، هەروەها حکومەت دەرفەتی کار و چالاکی گونجاو بە تەمەنی کچان فەراهەم بکات کە تێیدا توانا و کارامەیی کچان دەرکەوێت و لە ئایندەدا ئافرەتی ئاکتیڤ و لێهاتوو بەرهەم بێنێت، چونکە هەر ئەوانەن دەبنە دایکی نەوەی دواڕۆژ. هاوتەریب لەگەڵ دایك ڕۆڵی باوکیش کاریگەریی زۆرە لەسەر دروستبوونی کەسایەتی منداڵی کچ و کوڕ، بۆیە ناکرێ و نابێ ئەرکی باوك فەرامۆش بکرێ. بە گشتی پێویستیمان بە شۆڕشێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتییە، دەبێت خێزان و کۆمەڵگە هۆشیار و باڵادەست بێت لە پەروەردەکردنی منداڵ، ئەویش بەبایەخدان و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسانی دوور لە جیاکاری ڕەگەزیی.

سەبارەت بە هەمان پرس عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا، مامۆستای ڕاگەیاندن لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هێما بۆ ئەوە دەکات کە: بەو پێیەی مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بەشێکی زۆر لە بەها و پێوەر و دنیابینییەکەی لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی وەردەگرێت، هەر لە خێزانەوە تا دەگاتە قوتابخانە و مزگەوت و ڕاگەیاندن، ئەوەی من زۆر بە گرنگ و فاکتەری هەرە کاریگەری دەبینم لە پێگەیاندنی کەسێتی کچ لە کۆمەڵگەی کوردی بریتییە لە ڕۆڵی دایك و باوك، دایك و باوك لەو ڕووەوە هەم دەرد و هەم دەرمانن، دایك و باوکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار و هۆشیار جگە لەوەی خۆیان چاوگەیەکی سەرەکی گواستنەوەی بەهای جوان و بیری داهێنانکارانەن بۆ منداڵەکانییان، لە هەمان کاتدا دەتوانن ببن بە فلتەری ڕێگرتن و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ڕاگەیاندن و فاکتەرەکانی دیکە، خۆ ئەگەر باوان لەم ئاستەی بەرپرسیاریەتیدا نەبن و بە ئەندازەی هەستیاریەکەی هەگبەی ڕۆشنبیری و باکگراوندی دەروونزانی پڕ و بەهێز نەبن، ئەوکات فاکتەر و کارەکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە ڕۆڵ و کاریگەرییە نەرێننیەکانیان دوو هێندە و چەند هێندە زیاتر دەبێت و شوێنی ئەو ڕۆڵەی باوانیش دەگرنەوە، بۆ کچ ئەم بابەتە هەستیارترە و باوان دەبێت لەڕووی متمانەبەخۆبوون و ئاشناکردنی بەو بەربەست و تەحەدییە چاوەڕوانکراوانەی کۆمەڵگە و شێوازی زاڵبوون بەسەریان دەبێتە یارمەتیدەر و ڕێنیشاندەرێکی باشی کچ تا بزانێت ڕێگای خۆسەلماندن و بەدیهێنانی خود بە گوڵ نەچنراوە.

ئەمەل جەلال ئەندامی ئەنجومەنی کاروباری خانمان، سەرەتا ڕۆژی جیهانی کچان لە تەواوی کچانی کوردستان وعێراق

**دایک کەسی یەکەم و نزیکترینە لە کچ، ئەگەر خوێندەوار و هۆشیار بێت، دەتوانێت پشتگیر و هاوکار و ڕاهێنەری کچەکەی بێت، تا کەسایەتیی دروست دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەسەر ئەو بەربەستانەدا زاڵ بێت کە کۆمەڵگە لە ئەزەلەوە بەسەر مێیەکاندا سەپاندوویەتی**

**وەک درێژەپێدەری عەقلییەتی پیاوسالاری و بایەخدان بەکوڕ و فەرامۆشکردنی کچ، هەروەها بێبەشکردنی لە مافەکانی خوێندن وچاودێری تەندروستی کوردستان پشکی گەورەی بەرکەوتووە**

**تێکشکاندنی بەربەستەکان بۆ کچان زیاتر پێوستی بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خۆیانەوە هەیە، لەهەمان کاتدا سەرکەوتنیان لەبواری خوێندندا دەبێتە مایەی جێگیر بوونیان لەتەواوی سێکتەرەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا**



و جیهان پیرۆز دەکات. هیواشی خواست ئەم رۆژە بە کردار رۆژی هەڵمەتی ناساندن و بەرز راگرتنی مافەکانیان بێت، نەك تەنها یادێك بێت. هاوکات گوتی:سەریکیترین لایەنی ئەم بابەتە سیاسەت و فەلسەفە و ستراتیژی نیشتیمانیە کە دەسەڵاتی حوکمڕانی لە تەواوی دەسەڵاتە تەشریعی و تەنفیزی وقەزاییی لێی بەرپرسیارە و ئەوان بەرپرسیارن لە ئاراستەکردن، .دەبێت یەك سیاسەتی نیشتمانی هەبێت بۆ ئاراستەکردنی تاك وکۆمەڵ لە هەمووی گرنگتر سیاسەتی پەروەردەیی و بنەماکانی پەروەردە کردنی خێزان کە دەبێت وابەستە بێت بەو بنەمایانەی کە لەلایەن فەلسەفەی نیشتمانی حکومەت پەیڕەو دەکرێت، دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە نیشتمانیە ببێتە ئاکار و رەوشتی تاك لە خێزان و کۆمەڵگا. ئەو کات کچان هەست بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەکەن و بەهرەمەند دەبن بە پەروەردەکردن بەبێ جیاکاری و پەراوێز خستن. دایکان و باوکان و مامۆستایان و پەروەردەکاران دەبێت ببنە هاورێی منداڵ و خوێندکار نەك وەك رکابەرو جاسوس بەسەریانەوە بین خۆمان زاڵ بکەین، کاتێك دەبینە هاورییان هەست بە ئەمان دەکەن و دەیانەویت هەستەکانیان و خەمەکانیان و کێشەکانیان لەگەڵدا باس بکەین. کاتێك باس لە کچێکی بەهێز و متمانە بەخۆبوو دەکەین دەبێت رەچاوی ژینگەی خێزانی و ئەو داب و نەریت و عاداتە کۆمەڵایەتیانەش بکەین کە بەشێکی زۆری بەربەستە لە بەردەم گەشەکردن و پیگەیشتنێکی تەندروست بۆ کچان، دەبێت ئەو پرۆگرام و یاسا بەر کارانەی کە ژیانی تاك و کۆمەڵ رێك دەخەن خاڵی بێت لە هەموو شێوازەکانی جیاکاری و جەخت لە ئازادی و سەربەستی و بەشداریکردنی راستەقینەو وەك رەگەزێکی گرنگ و هاوبەشێکی سەرەکی بۆ داهاتووی وڵات سەیربکرێت، ئەو کات کچانی کوردستان دەتوانن ئەو هێز و توانا و لیهاتووییەی کە ژینگەی خێزانی و سیاسی بۆی فەراهەم کردوون بیخاتە خزمەتی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کوردستان.

لەلایەکی دیکەوە فاتیح ڕووف ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان

وێڕای پیرۆزبایی لەسەرجەم کچانی کوردستان وکچانی جیهان هیواداره هەمیشە کچان بتوانن ڕۆڵی یەکلایکەرەویان لەهەموو گۆڕانکاریەکاندا هەبێت، گوتیشی: دڵنیام کچان دەتوانن بەباوەڕبوون بەخۆیان ببنە هەوێنی گۆڕانکارییەکان، گرنگی ڕۆڵ و پێگەی مێینە بەگشتی و بەتایبەتیش کچان پەیوەستە بەئاستی تێگەیشتن و پێگەیشتنی هەر کۆمەڵگایەك و بە تواناو سەلیقەی گەنجان و لەناویاندا کچان لەکوێی ئە هاوکێشەیەدا جێگا دەگرن، زۆرگرنگە کچان لەتێکڕای کایەکانی ژیاندا هەمیشە لەهەوڵدابن بۆ چەسپاندنی مافەکانیان، بۆ ڕزگاربوون لەهەندێك کۆت و بەندی کۆمەڵگا بەسەر تاکی مێینە لەکوردستاندا پێویستیی بەهەنگاوی جدی هەیە.

دەکرێت کچان ڕۆڵی کاراو بەرچاو بگێڕن، تێبکۆشن لەپێناو دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی هەرچەندە ئەوە کارێکی هێندە ئاسان نییە شەڕێکی قورس و گرانەو پێوستی بە بەرخودانی زیاترە، لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەساڵی ١٩٤٨ هاتووە کە «هەموو مرۆڤەکان بەئازادی لەدایك بوون و لەڕووی کەرامەت و مافەکانیشیانەوە یەکسانن» جالێرەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی کە کچان ڕۆڵی بنەڕەتیان دەبێت لەگۆڕینی عەقلیەتی کۆمەڵگا، ئەم هەنگاوەش پێویستی بەدەستنیشانکردنی ئامانجێکی دیاریکراوە کەمەبەستێکی ئامانجدار بەرنامەو پلانی بۆ دابنرێت، ئەم ڕێگایەش بێ دڕك و داڵ نییەو پێوستی بەماندووبوون و کۆششی زۆرە. تێکشکاندنی بەربەستەکان بۆ کچان زیاتر پێوستی بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خۆیانەوە هەیە، لەهەمان کاتدا سەرکەوتنیان لەبواری خوێندندا دەبێتە مایەی جێگیر بوونیان لەتەواوی سێکتەورەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، بەم هەنگاوەش لەکۆت وبەندی کۆمەڵگا ڕزگاریان دەبێت، چونکە پێشکەوتنی هەرکۆمەڵگایەك پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاری ڕەگەزی مێینەی ئەو کۆمەڵگایە و وەك دەڵێن «ئافرەتان نیوەی کۆمەڵن و دایکی نیوەکەی تریشن » بەڵام کچان شێرەبەشی ئەو ئەرکەو ئەو گۆڕانکاریانەیان بەردەکەوێت.

**دەکرێت کچان ڕۆڵی کاراو بەرچاو بگێڕن، تێبکۆشن لەپێناو دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی هەرچەندە ئەوە کارێکی هێندە ئاسان نییە شەڕێکی قورس و گرانەو پێوستی بە بەرخودانی زیاترە**

**کاتێک باس لە کچێکی بەهێز و متمانە بەخۆبوو دەکەین دەبێت رەچاوی ژینگەی خێزانی و ئەو داب و نەریت و عاداتە کۆمەڵایەتیانەش بکەین کە بەشێکی زۆری بەربەستە لە بەردەم گەشەکردن و پیگەیشتنێکی تەندروست بۆ کچان**



# ڕێژەی ئافرەتان لە کاری بزنێس و کەرتی تایبەتدا زۆر کەمە



یەکێک لەو سێکتەرانە کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی تاک هەیە و لە ئاستی جیهانیشدا بووەتە فاکتەری دەست بەسەرداگرتنی جیهان، سێکتەری ئابوورییە، لە زۆربەی وڵاتانیشدا هەوڵی بەهێزکردنی تواناکانی ئافرەت دەدرێت، بۆ ئەوەی بەشدارێکی کارا بێت لە بازاڕی کار و کەرتی تایبەتدا و هاوکات بتوانێت بە سەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە لەم سۆنگەیەوە دێنە بەردەمی زاڵ بێت، لە هەرێمی کوردستانیش هەوڵی لەو جۆرە هەیە، بەڵام ڕێژەی ئافرەتان لە کاری بزنێس و کەرتی تایبەتدا زۆر کەمە. بە گوێرەی زانیاری دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێم، تەنیا ١٤٪ی ئافرەتان لە کەرتی کاردان. لە کۆی ئەو ڕێژەیەش ٨٦٪ی ئافرەتانی کەرتی کار لە کەرتی گشتیدا کار دەکەن و بە ڕێژەی (١٢٪ تا ١٤٪) لە کەرتی تایبەتدان، لە بواری وەبەرهێنانیشدا تەنیا یەک لە سەدی ئافرەتان لەو بوارەدا کار دەکەن و ئەمەش بە ڕێژەیەکی زۆر کەم دادەنرێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان ڕا و سەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**تەنیا ١٤٪ی ئافرەتان لە کەرتی کاردان. لە کۆی ئەو ڕێژەیەش ٨٦٪ی ئافرەتانی کەرتی کار لە کەرتی گشتیدا کار دەکەن و بە ڕێژەی (١٢٪ تا ١٤٪) لە کەرتی تایبەتدان**

**هۆکارێکی دیکە بۆ کەمیی ڕێژەی ئافرەت لە کارکردنی بۆ کەرتی تایبەت نەبوونی مۆڵەتە، بەتایبەتی مۆڵەتی دایکایەتی، کە لەوانەیە زۆربەی ئافرەتان لە بەر ئەم هۆیە روو لە کەرتی تایبەت نەکەن**

**هەندێک کات ئافرەت لە کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان ڕووبەڕووی گێچەڵی سێکسی و تانە و تەشەری خاوەن کار دەبێتەوە، کە ڕەنگە بۆ هەر کاردانەوەیەکی کارەکەی لە دەست بدات، کە ئەم دیاردەیە لە کەرتی گشتی کەمترە و دەرفەتی گۆڕینی کارو گواستنەوەی ڕاژە زیاتر فەراهەم کراوە**

د. محەمەد مستەفا زراری مامۆستای زانکۆ و سەرۆکی دەزگای دیدگا بۆ توێژینەوەو ڕاوێژکاری هێما بۆ ئەوە دەکات کە شارەزایانی ئەکادیمی و شیکەرەوانی بواری ئابووری و بازرگانی باس لە گرنگیی باشبوونی راستەقینەیی دەکەن، کەوا لە ئەنجامی دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان هەر دوو رەگەز لە بەڕێوەبردن و بەشداریکردنی لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیا و دامودەزگاکانی دیکەی بازرگانیدا دروست دەبێت، لە هەرێمی کوردستان ئافرەتی خاوەن ئیش ڕێژەیان زۆر کەمە بەراورد بە پیاوان کە خۆی لەخۆیدا چەندین هۆکار هەن کەوا تا ئێستا بوونەتە بەربەست لە رێی ئافرەتان کە نەتوانن شان بە شانی پیاوان کاربکەن لە بازرگانی یان خاوەن کارێکی سەربەخۆ بن، نموونەی دروستکردنی کارگەیەك، یان کارکردن لە سێکتەری خانووبەرە و زەوی و زار یان کشتوکاڵ و...هتد. هۆکاری کەمیی ئافرەتانیشی لە بواری بازرگانی بۆ چەند خاڵێکی سەرەکی گەڕاندەوە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- دروست نەبوونی بیرۆکەی کارکردن لە سێکتەری بازرگانی لەلایەن خودی ئافرەتانەوە، سەرەڕای هەبوونی چەند ئافرەتێك کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان لەو بوارەدا کار دەکەن، کە ژمارەیان لەپەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکات.

٢- کەلتوور و دابونەریت.

٣- ئافرەتی کورد وا راهێنراوە کەوا بژێوی ژیانی پەیوەستە بە خێزانەکەیەوە، جا چ باوك، یان برا، یان هاوسەر، ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ بۆ بەخێوکردنی ئافرەتەکە. « گوتیشی: «پێویستە ئافرەتان هان بدرێن بۆ ئەوەی ئەوانیش شان بەشانی پیاوان کاربکەن لە سێکتەری بازرگانی و سێکتەرەکانی دیکەی کارکردن و پێویستە رەچاوی ئەو خالانەی خوارەوە بکەین، بۆ ئەوەی ئافرەتان لەو بوارە زیاتر بێنە نێو دنیای کارکرن.

١- پێدانی قەرز لەلایەن کەرتی گشتی، یان کەرتی تایبەت بەو ئافرەتانەی کە حەزی کارکردنیان هەیە، چونکە بە دڵنیاییەوە ئافرەتی وامان هەیە کە حەزی کارکردنی هەیە، بەڵام پارەی پێویستی لەبەر دەست نییە کە بتوانیت کاربکات.

٢- کارئاسانیکردن لە رێگەی سووککردن، یان لێ خۆشبوونیان لە باج و رسومات.

٣- کردنەوەی خولی بەهێز لە رێگەی کەسانی ئەکادیمی و شارەزا لە بواری بازرگانی و کارکردن.

هاوکات زۆربەی کات ئافرەتان سەرکەوتووترن لە پیاوان لە پڕۆژەی بچووك و مام ناوەندەکان لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- بوونی زیرەکیی هزری لە رووە مرۆڤایەتییەکەی لە کارکردن.

٢- باشتر دەتوانێت پەنجە لەسەر هەڵەکان دابنێت.

٣ - زیاتر گرنگی بە پەیوەندییەکان دەدات و بەهەند وەری دەگرێت.

٤- لە رووی داهینان زۆر کارامەن.»

تاڤگە عومەر بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «هەرێمی کوردستان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە بەگشتی و بەتایبەتیش لە ڕووی ئابوورییەوە هەنگاوی باشی بڕیوە لە بووژانەوەی کەرتی تایبەت و ژمارەیەکی زۆری ناوخۆیی و بیانی لە سێکتەرە جیاوازەکان ئێستا لە هەرێمی کوردستانن کە توانیویانە پەرە بە ژێرخانی هەرێم بدەن، کەواتا لە رووی چەندێتییەوە ئێستا کەم نین ژمارەی ئەوە کۆمپانییانەی کە لە گۆڕەپانی کارکردنن، بەڵام لە رووی چۆنیەتییەوە دەبینین ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کە لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، ڕێژەیەکی زۆر کەمە بەراورد بە پیاوان، دیارە ئەمەش هۆکارگەلێکی هەیە و یەکێك لەو هۆکارانەش ئەوەیە کە ئافرەتان کەمتر لە کەرتی تایبەت و کاری بزنێس دەبیندرێن، دەگەڕێتەوە بۆ ترس و دڵەڕاوکێی ئافرەت لەوەی کە سەرکەوتوو نەبێت، رەنگە بە هۆی ناسەقامگیریی بارودۆخ هەندێك جار سەرمایەگوزار نەتوانێت وەکو پێویست ئەو دەست مایەی کە هەیەتی بیخاتە بازاڕی کارەوە، هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە تا ئێستا نەتوانراوە ئەو کارمەند و خاوەن کار و کۆمپانییانەی کە لەم بوارە کار دەکەن، ببنە خاوەنی هەمان ئیمتیازاتی کارمەندان و فەرمانبەرانی کەرتی گشتی، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و هەروەها نەبوونی دەرماڵەی مەترسی، نەبوونی تایبەتمەندیی کاریش هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی ئافرەتان لەم بوارە کەمتر کار دەکەن، چونکە هەندێك جار کارکردن لە کەرتی تایبەت تەنیا بۆ وەرگرتنی مووچە و ئیمتیازاتە، بە بێ سوودوەرگرتن لە تایبەتمەندی لە بواری پسپۆڕی خۆی، کە ئەمەش جارێکی دی بە زیانی لێهاتوویی ئافرەت تەواو دەبێت. هۆکارێکی دیکەش نەبوونی مۆڵەتە، بەتایبەتی مۆڵەتی دایکایەتی، کە لەوانەیە زۆربەی ئافرەتان لە بەر ئەم هۆیە روو لە کەرتی تایبەت نەکەن، چونکە لە زۆربەی کۆمپانیاکان وەرگرتنی مۆڵەتی زۆر بە لەدەستدانی

کار کۆتایی دێت، هەندێك کات ئافرەت لە کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان ڕووبەڕووی گێچەڵی سێکسی و تانە و تەشەری خاوەن کار دەبێتەوە، کە ڕەنگە بۆ هەر کاردانەوەیەکی ئافرەت بە هەمان شێوە کارەکەی لە دەست بدات، کە ئەم دیاردەیە لە کەرتی گشتی کەمترە و دەرفەتی گۆڕینی کارو گواستنەوەی ڕاژە زیاتر فەراهەم کراوە. بۆیە بە بوونی هەردوو ئەم ئەگەرانە ئافرەت ڕێژەیەکی دیاریکراوی لە بواری کەرتی تایبەت هەیە و وای کردووە کە نەتوانێت وەکو پێویست ڕۆڵی لەم بوارە هەبێت. « وەك ڕێکاری چارەسەریش بۆ زیادکردنی ڕێژەی ئافرەت لە کەرتی تایبەت و کاری بزنێس گوتی:» پێویستە یاساکان جارێکی دی هەموار بکرێنەوە و پلان و ستراتیجیەتی گونجاو هەبێت، بۆ نموونە دانی قەرزی حکوومی بۆ کردنەوەی پرۆژەکان و پاشانیش بەرەو بازرگانیکردن، ئەمانەش هەنگاوی خۆی پێویستە و ڕاهێنان و ڕێنمایی و بەرچاوڕوونی و شارەزایی پێویستە، بەگشتی ئافرەت زیاتر لە ڕەنگدانەوەی کارکردنی لە کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی خراپ بۆ سەر ژیانی خۆی و خێزانەکەی دەسڵەمێتەوە.» بەهزاد تاهیر قوتابی دکتۆرا لە کارگێڕی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کەمیی ڕێژەی ئافرەتان لە جیهانی کارو بزنێس دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکاری سەرەکی، یەکێك هۆکارەکان بریتییە لەو ئاراستە نێگەتیڤەی کە بەرامبەر ژنان هەیە لە تەواوی کۆمەڵگەکانی جیهان بەوەی کە ئافرەت توانای جەستەیی کەمە و بیرکردنەوەی لاوازترە لە پیاو و ئەرکی ئافرەت تەنیا بەخێوکردن و ئەنجامدانی کاری ناوماڵە. ئەوە وایکردووە کە ئەم بیرکردنەوەیە لە مێشکی ئافرەتان بچەسپێت کە هەبوونی بزنێسی سەربەخۆ کاری ئەوان نییە و تەنها پیاوان دەتوانن ئەو کارە بکەن. هۆکارێکی دیکەش بریتییە لەوەی کە زۆربەی ئافرەتان سەرمایەی تایبەت بە خۆیان نییە و لە لایەن دایك و باوك و هاوسەرەوە یارمەتی دارایی نادرێن و تەنانەت هەندێك جار لە میرات و سامانی باوانیشیان بێبەش دەکرێن.» گوتیشی: «بیرکردنەوەی ناتەندروستی کۆمەڵگە بەوەی کە کچان و ژنان ناتوانن لە هەموو شوێنێك کاربکەن وەکو چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل، یان ڕێستورانت و هۆتێل و ئەو شوێنانەی کە تاکو ئێستا ژنان زۆر بە کەمی کاری تێدا دەکەن. بۆیە هەرکەسێك بۆ ئەوەی ببێت بە بزنێسمان و خاوەن کار، دەبێت لە سفرەوە دەست پێ بکات لەو شوێن و بوارانەی کە توانا و بەهرە و ئارەزووی هەیە تیایدا کار بکات، تاکو تەجروبەی پێویست بەدەست بهێنێت بۆ پەرەپێدانی و داهێنان لە کارەکەی و دواتر بوون بە خاوەنکار. چارەسەریش بۆ زیادکردنی ڕێژەی ژنان لە هەبونی بزنێسی سەربەخۆ بریتییە لە ئازادکردنیان لە چوونەدەرەوە و کارکردنیان لە شوینە گشتییەکان بەپێی حەزو تواناکانیان و خوێندنی زانکۆیی و پێدانی سەرمایە و هاوکاری کردنیانە لەلایەن کۆمەڵگە و حکومەت و خێزانەکانیان. هەروەها پشتگیری و هاندانیان هاوشێوەی ڕەگەزی نێر بە بێ جیاوازی. بە کورتی تا جیاوازیی ڕەگەزی لە نێوان نێر و مێ لە کۆمەڵگەکەمان کاڵ نەبێتەوە، زیادبوونی ڕێژەی ژنان لە بواری کار بەتایبەتی لە کەرتی تایبەت ئەستەمە بگاتە ڕێژەیەکی دڵخۆشکەر.»

فەزیلە شۆڕش بەرپرسی ئۆفیسی ئەوروپای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەرتا باسی ئەوە دەکات کە «ئافرەتی کورد هەر لە کۆنەوە کاری کردووە، بەڵام بەهۆی سادەیی ژیانی ئەوکات کارکانیشی سادە و بچووك بوون، بەرەوپێشچوونی ژیان و زیادبوونی داواکاری مرۆڤ وایکردووە ئافرەتانی کوردستانیش زیاتر کار بکەن، ئەگرچی کارکانیان بەو ڕاددەیە نییە وەکو ئەوەی لە وڵاتە پێشکەوتووەکان هەیە، هۆکاریشی ئەو متمانە و بڕوابەخۆبوونەیە کە لە منداڵییەوە دراوە بە کوڕ و لە کچ زەوتکراوە، بۆ نموونە چوونە دەرەوەی ئافرەت بە مەبەستی کار و گەڕانەوەی لە شەودا بە نامۆ سەیر کراوە، هاوکات بازرگانی و کاری بزنێس بە شایانی پیاوان زانراوە، پێویستە کار و بزنێس لە قالبی پیاوانە دەربچێت و هانی زیاتری ئافرەتان بدرێت بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی گەورە، هەروەها هاوکاری بکرێن بە ڕاوێژ، ڕێکلام، پێدانی قەرز و لە بە بازاڕکردنی کاڵاکانیان پێویستە حکومەت هاوکاریان بێت، پێویستە ئافرەتیش بوێرتر دوور لە قسە و قسەڵۆك بێتە مەیدانی کار «. هاوکات دەڵێت: «ئەوەی زیاتر ئافرەتی لە تێکەڵبوون بە جیهانی دەرەوە بە دوور گرتووە، کەتمکردنی بوێری ئافرەتە لەلایەن کۆمەڵگە و نەبوونی متمانەی کۆمەڵگە و خێزانە بە توانا و لێهاتوویی خانمان، هاوکات نەبوونی ژینگەیەکی سەلامەت بۆ ئەوەی ئافرەت بتوانێ بە سەلامەتی و پارێزراوی کاری گەورە ئەنجام بدات. دەبینین لە زۆربەی ئەو شوێنانەی کە ئافرەتان کاری لێ دەکەن و بەڕێوەی دەبەن، لە ڕووی سەرکەوتنەوە پێشی پیاوان دەکەون، هەم لە ڕووی خێرایی لە کارکردن، هەم لە ڕووی بەفیڕۆنەدانی کات و بوارنەدان بەرۆتینیات.

**بیرکردنەوەی ناتەندروستی کۆمەڵگە هۆکارێکی دیکەیە بەوەی کە کچان و ژنان ناتوانن لە هەموو شوێنێک کاربکەن وەکو چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل، یان ڕێستورانت و هۆتێل و ئەو شوێنانەی کە تاکو ئێستا ژنان زۆر بە کەمی کاری تێدا دەکەن**

**لە زۆربەی ئەو شوێنانەی کە ئافرەتان کاری لێ دەکەن و بەڕێوەی دەبەن، لە ڕووی سەرکەوتنەوە پێشی پیاوان دەکەون، هەم لە ڕووی خێرایی لە کارکردن، هەم لە ڕووی بەفیڕۆنەدانی کات و بوارنەدان بەرۆتینیات**

**تا جیاوازیی ڕەگەزی لە نێوان نێر و مێ لە کۆمەڵگەکەمان کاڵ نەبێتەوە، زیادبوونی ڕێژەی ژنان لە بواری کار بەتایبەتی لە کەرتی تایبەت ئەستەمە بگاتە ڕێژەیەکی دڵخۆشکەر**